www.kurdistannet.org
18/06/2002 21:47

## کاتێك فرمێسکەکان ڕەها بوون لە مەرگ، ئەوسا سەما خۆشتر دەبێ. . . .

### بۆ گریانێکی بە سالاچوو کە لە زیندانی نیشتیمانەوە دێتە گوێم

جوتیار

تۆ بیر بویت و. . .

تەمەنت لەگەل زەمەنە بێکەلکەکانی منالیم

بوون بە هاوڕێ. .

تەمەنی تۆ
وەک خولیایەک شەیدای سیحری چرکە سپیەکانمەو
زەمەنەکانی منیش هێشتا هەر سەرەڕۆ و ماخۆلانن بەو
بوکەشوشەو چەکە شکاوانەی
کە باوکم بە دار بۆی کردبووم. .
هێشتا سەنگەرەکانی خۆم لە بیرە،
من ئەو کاتە لە بەرامبەر هاورێکانما هەمیشە حەزم دەکرد
من پێم لە سەر نیشتیمان بچەقێ و
ئەوان هێرش بکەن،
تاکو منیش
لەناو سرودە خوێن جمێنەکاندا؛ بە چەکە دارینەکەم
دەستریژبکەم و هەرچی سەربازە داگیرکەرە هاورێکانم بوون
فەنایان کەم. . .
ئاییییی لەو رۆژانەی کە پالەوانییتی لە شەرەکانی زێدی کۆلاندا
چ خەونێک بوو
تا بتوانین تەنها شەوان
لە خەوە تاریکەکانی منداڵیماندا
جیهانێکی لە هەناسە پێ دروست کەین. .
تۆ ئێستا ئەو جیهانەت لێ وونەو
منیش خەمە رەنگاو رەنگەکانی
بۆنی ئەو چلە نێرگزەی
کە لەنیشتیمانی هەناسەکانی تۆدا خنکاوە. . .
تۆ ێستا لە کۆشکەکانی نیشتیماندا

شەر لەگەل بوونتا دەکەیت و منیش بەدوای
ڕێگاکانما دەمەوێ ببمە قەرەجێکی دلخۆش,
تۆ لە وێستگەی سالەکانی ئازادی نیشتیماندا
چاوەڕوانی دواین ڕێبواری نەگەیشتووی ،
تا هیوایەک لە عیشقی داپیرەت بۆ بێنێ
منیش لە بەردەم ڕۆبۆتە بێ نیشتیمانەکاندا
چاوەڕوانی دەرکەوتنی دواین
مەسیحی کۆپی کراوم. .
ئەرێ بەراست. . . پەندەکانی زێدی ئەو عومرەی تۆ لە کامە سەفەری
نێهێنی مندا ؛ خۆیانم لێدەکەن بە ڕێگا کراوەکانی ئومێدێک بۆ بوون. .
من هێشتاش نەخەوتوم و دەمهەوێ لە مردنی
ئەو چۆلەکانە بە ئاگا بم
کە بەسەر دار شاتوەکەی حەوشەی نیشتیمانمدا
دەیانەویست مالێک لە جریوە
دروست بکەن. . .
من هێشتا بە ئاگام و نەخەوتووم. . . دەمەوێ لە فرمێسکەکانی ئەو کچانە رابمێنم
کە بۆ تەمەنی درۆینەی چاوەڕوانی ڕشتیان. .
من هێشتا بە ئاگام و نەخەوتوم. . . دەمەوێ بە تاسەوە کۆێ بۆ ئەو هەناسانە هەلخەم کە لە گەل
تەمەنی شەودا بۆ جوانێک هەلکێشران. .
من نەخەوتووم و لە خەمەکانی ئەو بنارە بە ئاگام کە کرا بە گۆڕستانی
لاشە زیادەکانی ئەو کورانەی تەنها
بۆ ماچێک شەریان نەکرد.
ئیتر لێم مەبرسە کوا نیشتیمان. . . .
نیشتیمانی من لەو کاتەوە روخا، کە چۆلەکەکان جریوەیان بەسەر دارشاتوەکەوە خنکێندرا. .
نیشتیمانی من لەو کاتەوە وەری ، کە فرمێسکی کچە تەمەن
درۆینەکانیا ن بینی. .
نیشتیمانی ئێمە لەو کاتەوە فری ، کە ئەو هەناسانەیان بینی بۆ حەسرەتی جوانێک دەفرن. .
نیشتیمانی من ئەو کاتە نێژرا ، کە بنارەکان لە دەست سنۆبەری لاشە تەزیوەکاندا کۆچیان کرد. . .
. . . . . . . .
من ئێستاش ئەگەر خەو بمباتەوە، لەدەنگی هەناسە برکێی
ئەو پێنوسانەی بە دزیەوە شەوان دەستیان لە گەل خەیالە زرەکاندا تێکەل دەکەن
جارێکی تر بێدار دەبمەوە. .
من ترسمە لە هەموو ئەو گریانانەی کە لە دلی نامەیەکی ترسێندراودا،

www.kurdistannet.org
18/06/2002 21:47

که لە پشووی سێبەری دوا ستوونی ماڵە تاریکەکەتدا
بۆ منی بێ نیشتیمان و بێ ڕێگاو بێ سێبەرو بێ زێدو
بێ ئەوێی جارانت نوسیوە. . . هەزار سلاو. . . . .

١٨ ١ یونی٢٠٠٢
سویسرا

www.kurdistannet.org